گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# واتای ڕێژەیی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا

**م.ی. حسن نجم الدين محمدأمين**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hassannajmaden96@gmail.com, hassan.najmaden@dmi.gov.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/١٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٩
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Relative Meaning، Linguistic relativity، Adjective, The mercurial of meaning ،Semantic space*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.6

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە واتای ڕێژەیی ئاوەڵناو دەکات لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی وەسفی و بە ئامانجی گەیشتن بەو واتا ڕێژەییەی لە ئاوڵناودا هەیە بە پێی تیۆرە ڕێژەیی زمان و جیهانبینی ساپێر و وۆرف، لەم باسەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە ڕێژەیی واتا لە ئاوەڵناو زیاترە و ئەم ڕێژەیەش لەگۆڕاندایە بە پێی تێڕوانین و جیهانبینی قسەکەر ، باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتوو، بەشی یەکەم کە تایبەتە بە (چەمك و پێناسە و جۆر و تایبەتییەکانی ئاوەڵناو) لەم تەوەرانە پێکهاتووە : پێناسەی ئاوەڵناو، جۆرەکانی ئاوەڵناو، تایبەتییەکانی ئاوەڵناو، ئاوەڵناو لە رووی پلەوە، جۆرەکانی ئاوەڵناو لە رووی دارِشتنەوە، پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو)، بەشی دووەمیش تایبەتە بە ( ڕێژەیی واتا لە ئاوەڵناودا)، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت : ڕێژەیی زمان، ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو، هۆکارەکانی ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو، دیاریکردنی ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو، ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو لە سنووری سیمانتیك و پراگماتیکدا، لەم باسەدا هەوڵی ئەوە دراوە ئەم ڕێژەییەی واتا لە ئاوەڵناودا بخەینە ناو چوارچێوەی پراگماتیك چونکە بە پێی کەسی قسەکەر لە گۆڕاندایە.

## 1. پێشەکی:

أ- ناونیشانی باسەکە:

ناونیشانی باسەکە بریتیە لە ( ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا)، کە باس واتای ڕێژەیی ئاوەڵناو دەکات لە زمانی کوردیدا.

ب- سنووری باسەکە :

باسەکە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی و پراگماتیك دا باس لەو ڕێژەییەی واتا دەکات لە ئاوەڵناودا هۆکاری ئەم ڕێژەییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینی و تێڕوانینی کەسەکان.

چ- گرنگی باسەکە :

گرنگی باسەکە لەوەدایە باس لە پەیوەندی مۆرفۆلۆژی و پراگماتیک دەکات، جگەلەمەش ناجێگیری واتایی ئاوەڵناو دەخاتەروو، سەرەڕای ئەمانەش هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی واتای ئاوەڵناو .

د- ئامانجی باسەکە:

ئامانج لەم باسەدا ئەوەیە، بابەتی واتای ڕێژەیی ئاوەڵناو بخەینە چوارچێوەیەك، هەربۆیەش هەوڵی ئەوەدەدەین واتای ئاوەڵناو لە سنووری سیمانتیك دەربێنین و بیخەینە چوارچێوەی پراگماتیکەوە .

ه - گریمانەی لێکۆڵینەوەکە :

لەم لێکۆڵینەوە چەند پرسیارێکی گریمانەیی کراوە لە هەوڵی ئەوەداین بگەین بە وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارانە :

+ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو پەیوەندی چییە بە تیۆری ڕێژەیی زمان ؟

+ڕێژەیی واتا لە ئاوەڵناو لە سنووری سیمانتیك لێکبدرێتەوە یان پراگماتیك ؟

+هۆکاری ڕێژەیی واتا لە ئاوەڵناودا کاریگەری چییە لەسەر پرۆسەی تێگەیشتن ؟

+هۆکاری ڕێژەیی ئاوەڵناو دەروونییە یان کۆمەڵایەتی ؟

+چۆن دەتوانین مەزەندەی ئەوە ڕێژەییەی واتا بکەین لە ئاوەڵناودا ؟

و- ڕێبازی باسەکە:

باسەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی شیکاری لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدات .

ز- ناوەڕۆکی باسەکە:

باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم کە تایبەتە بە (چەمك و پێناسە و جۆر و تایبەتییەکانی ئاوەڵناو) لەم تەوەرانە پێکهاتووە : پێناسەی ئاوەڵناو، جۆرەکانی ئاوەڵناو، تایبەتییەکانی ئاوەڵناو، ئاوەڵناو لە رووی پلەوە، جۆرەکانی ئاوەڵناو لە رووی داڕشتنەوە، پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو)، بەشی دووەمیش تایبەتە بە ( ڕێژەیی واتا لە ئاوەڵناودا)، ئەم تەوەرانە

لەخۆدەگرێت : ڕێژەیی زمان، ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو، هۆکارەکانی ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو، دیاریکردنی ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو، ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو لە سنووری سیمانتیك و پراگماتیکدا. لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجام و سەرچاوەکان خراوەتە روو .

بەشی یەکەم : چەمك و پێناسە و جۆر و تایبەتییەکانی ئاوەڵناو:

1-پێناسەی ئاوەڵناو:Adjective

لە زمانی کوردیدا زاراوەی جیاجیا بۆ ئاوەڵناو دانراوە وەك : ( ئاوەڵناو، هاوەڵناو، هاوەڵناڤ، سیفە) ئاوەڵناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن کە وەسفی ناوێك یان راناوێك دەکات بەم پێیە دەبێتە تەواوکەری ناوێك یان جێناوێك یان ئاوەڵناوێکیتر . ئاوەڵناو یەکێکە لەو چەمکە زمانیانەی کە بیروبۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت ئەوەی لەسەری کۆکبن ئەوەیە کە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات، تا ئێستا زمانەوانان پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ کردووە ئەمەش هەندێ لەو پێناسانەیە:

+وشەیەکە لە رووی شێوەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ناو تەنها لە رووی واتاوە لەیەك جیادەبنەوە (کوردستان موکریانی:101:1984)

+ئاوەڵناو وشەیەکە سیفەی تێدایە و بەکاتەوە نەبەستراوەتەوە (صادق بەهائەدین ئامێدی::265:1987).

+ئاوەڵناو واژەیەکە بۆ وەسفی ناوێ یا راناوێ یا فرمانێکی بێهێز بەکار دەهێنرێت . (نوری علی امین:111:1960).

+ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێك واتای چۆنییەتی و خاسیەت و نیشانە دەگەیەنێت (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:58:1992).

+وشەیەکە لەگەڵ ناودێت بۆ ئەوەی وەسفی ناوەکە بکات واتە دەشێ ئاسانکارێکی کاتی یان هەمیشەیی ناوەکە دیاری بکات بە شێوەیەکی گشتی دوای ناودێت . (کەمال میراودەلی:113:2007)

+بەشێکی ئاخاوتنە شێوە و جۆری شت پیشان دەدات وە بە کاتەوە نەبەستراوە، مرۆڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکان خۆی ڕاستەوخۆ بەئاوەڵناو دەردەبڕآ. کە وەسفی بارودخ و کەس و شت دەکات، مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە هەست و هەڵوێستی خۆی پآ دەردەبڕآ. (Leach:1974:18 )

+ئاوەڵناو وتەیەك یان پترە، چەشنی ناوێك یان جێناوێك نیشان دەدات و شوێن ناوەکە دەکەوێ و پیتی بەستەری (ی) بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم پێناسانەی باسمانکرد تارادەیەك لەیەك نزیکن لەهەمان کاتیشدا جۆرە جیاوازییەك بەدیدەکرێت ئەوەی لەسەری کۆکن ئەوەیە بەشێکی ئاخاوتنە و وەسفی ناو و یان جێناو دەکات . ئێمەش بۆچوونمان ئەوەیە کە ئاوەڵناو وەك بەشێکی ئاخاوتن وەسفی ناو یان جێناوێك دەکات بۆ روونکردنەوە و دەرخستنی تایبەتمەندی ناو و یان جێناو .

2- جۆرەکانی ئاوەڵناو :

بەپآی لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان سآ جۆرە ئاوەڵناو لەزمانی کوردی دا هەیە (محەمەد مەعروف فەتاح:82:1990):

یەکەم : جۆرەکانی ئاوەڵناو لە رووی رواڵەتەوە :

أ- ئاوەڵناوی بارستایی:

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە جووت جووت دەوەستن و پلە هەیە لە نێوانیان دا و لە پرسیاردا بآ لایەنن وەك (گەورە، بچووك، درێژ، کوورت).

ب- ئاوەڵناوی ڕەنگ:

پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ڕەنگ لەدەوری چەقێکدا کۆدەبێتەوە و بوارێکی واتایی پێکدێنن و ئەندامەکانیش لە نێوان خۆیاندا جیاوازن، وەك : زەرد، سەوز، شین، ڕەش، سپی، مۆر، سور، خاکی،......هتد .

ج- ئاوەڵناوی ڕواڵەت :

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە تایبەتی کەس و شت دەردەخەن، هەندێکیان جووت جووت دەوەستن وەك (گران، هەرزان،..)، هەندێکیان بەتاك دێن وەك : ( ئازا ، بەجەرگ ، نەبەرد،.. ) و هەندێك هاوواتایی گرآ یان دەدات وەك (چاك ، باش )، هەندێکی تر دژواتایی گرێیان دەدات وەك ( تاڵ ، شیرین ) ئەو ناوانەی کە وەك دیارخەر کاردەکەن بەهەمان شێوە هەڵگری چەمکی ئاوەڵناون وەك:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- بە پەرداخێکی کریستاڵ ئاوم خواردەوە.
- کچەکە گوارەیەکی (زێڕ) ی کڕی .

ڕادە هێزی کاریگەری ئاوەڵناو زیاتر دەکات (یوسف شریف سعید:125:199)، وەك ( هەموو، یەکجار، گشت، فرە، زۆر،....) چونکە ئاوەڵناوەکە بەرزدەکاتەوە.

وەك: - کچێکی جوانی خواست.

- کچێکی زۆر جوانی خواست.
- کچێکی یەکجار جوانی خواست .

3- تایبەتییەکانی ئاوەڵناو:

+بەشێکی ئاخاوتنە.
+دەبێتە تەواوکەری ناو یان ڕاناو و گرێ پێکدێنێت.
+نیشانەی ڕێزمانی وەرناگرێت بە وەرگرتنی لە ئاوەڵناوی دەکەوێت و دەبێتە ناو.
+پلەی بەراورد و باڵآی هەیە بەهۆی گیرەکی تایبەتەوە دروستدەبێت.
+ئاوەڵناو کە بووە تەواوکەری فرمان دەبێتە ئاوەڵفرمان.
+بەشداری داڕشتنی وشەی نوێ دەکات (ڕەفیق شوانی:38:2011).

4- ئاوەڵناو لە رووی پلەوە:

أ-ئاوەڵناوی چەسپاو:

ئاوەڵناوێکی رووتە و هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی نییە وەك : تیژ، گەرم، سوێر،ترش، سەوز، ئازا، ناسك، پاك، .... هتد . (ئەورەحمانی حاجی مارف:170:1992) وەك:

-چاوان هەناری ترش دەخوات.
-چاوەڕێ چای گەرم ناخوات.

ب- ئاوەڵناوی بەراورد:

ئەم جۆرەی ئاوەڵناو بە یارمەتی (تر) دروستدەبێت لە رستەدا ئامرازی (لە) دەکەوێتە پێش (ناو) (نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی:92:1982) وەك:

ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ج- ئاوەڵناوی پلە باڵآ:

ئەندازەی باڵآیی کەسێك یان شتێك نیشاندەدات لەناو ناوەکان کە لە سیفاتێکدا هاوبەشن (نوری عەلی ئەمین:110:1960).

کەواتە ئاوەڵناو دوو دیوی هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە لە هەندێ ڕواڵەت لەگەڵ ناودا بەشدارە وەك : (ەکە)، ناسیاوی و (ژماردن)ە . وە ڕووەکەی تری ئاوەڵناو تایبەتە بە سروشتی خۆی کە ئەمیش بەراورد کردنە لە دوو پلەدا، پلەی بەراورد کردنی ئاسایی و پلەی بەراورد کردنی باڵا.

**پلەی یەکەم :**

پلەی بەراورد کردنی ئاساییە، بە خستنەسەری ( تر ) دروست دەبێت وەك :

-زیرەك : زیرەکتر

-جوان : جوانتر

پلەی دووەم :

ئەمەش پلەی بەراورد کردنی باڵایە.مەبەست زیاد کردنی (ترین ) وەك :

-زیرەك : زیرەکترین

-جوان : جوانترین

5- جۆرەکانی ئاوەڵناو لە رووی دارِشتنەوە:

1- سادە :

ئەو جۆرەکانی ئاوەڵناوەیە بەتەنیا لە یەك ووشە پێك هاتبێ واتە ( بێ پاشگر و بێ پێشگر ) (عەبدولواحید دزەیی:75:2013) وەك : بەرز، جوان، باش، خۆش، ناسك، ....هتد .

2- ناسادە :

ئەو ئاوەڵناوەیە لە وشەیەك و بەندێك وە یان دوو وشە پێکهاتبێ بۆیە ناسادە دەکرێ بە دوو بەش:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ- ئاوەڵناوی دارِژاو :

لە ووشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێك یاخود پاشگرێك دروست دەبێت یان هەندێك پێشگر و پاشگر هەن دەچنە سەر ( ناو ، ئاوەڵناو ، کردار ) ی سادە (عەبدولواحید دزەیی:75:2013) ، وەك :

-( ناو + پاشگر ) ، وەك : ترسنۆك.

شێوەیەکی تریش هەیە بۆ دروست بونی ئاوەڵناوی دارِژاو وەك:

-( پێشگر + ئاوەڵناو ) وەك : ناخۆش ، بەجەرگ ، بێ هێز ....هتد.

ب- ئاوەڵناوی لێکدراو :

ئەمەش بریتیە لە لێکدانی دوو ئاوەڵناوی سادە یان دوو ووشەی واتاداری سادە. کە شێوەی دروست بونەکەی زۆر شێوەی هەیە (عەبدولواحید دزەیی:76:2013) کە ئەمانەی خوارەوەن وەك :

-ناو + ئاوەڵناو : دڵ خۆش

-ناو + ناوی بەرکار : سەر شکاو

-ناو + ناو : بەژن چنار

-ناو + بە + ناو : لێو بە بار

-ناوی شوێن + ناوێکی سادە : ژێر چەپۆك

-ژمارە + ناو : دوو دڵ

-ئاوەڵناو + ە + ناو : پیرە مێرد

-ئاوەڵناو + رِەگی کار: رِەش پۆش

ئاوەڵناو + ووشەیەکی بێ واتا : گورج و گۆڵ

ئاوەڵناو + ئاوەڵناو : وورد وورد (عەبدولواحید دزەیی:102:2013)

6- پۆل گۆرِینی ئاوەڵناو:

لەناو پۆلە کراوەکاندا جۆرە ئازادییەك هەیە بۆ پۆل گۆرِین ئەویش لە رێگای بەکارهێنان و ناونان یا لە رێگای دارشتن و لێکدان، ئەم دیاریدەیەش پێویستییەکی زمانە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ- بەکارهێنان:

بەکارهێنان و ناونان هۆکارێکە بۆ پۆلگۆڕین بۆ نموونە: (جوان) (ئاوەڵناوە)، بەلآم لە رستەی :

-جوان قوتابییەکی زیرەکە . (جوان) بۆتە ناو.

-شیلان وانەکانی جوان ئامادەدەکات . (جوان) بۆتە ئاوەڵکار .

دیسان هەندێ وشەی تری وەك (باش، توند) ئاوەڵناون، بەلآم لەم رستانەی خوارەوە بوونەتە (ئاوەڵکار)

-فەرهاد باش یاری دەکات.

-یارا دەرگاکەی توووند داخست.

ب- بە لێکدان :

بە لێکدانی پۆلەکان پۆلی تر دروست دەکرێت (عەبدولواحید دزەیی:109:2013)  وەك:

+پۆلگۆڕین لە (ناو)  بۆ (ئاوەڵناو):

ناو + ناو : ئاوەڵناو

-گەردەن + بلوور : گەردەن بلوور

-لێو + بە + بار : لێوبەبار.

-ژمارە + ناو : ئاوەڵناو

-دوو + دڵ : دوو دڵ

-پشت + او + پشت : پشتاوپشت.

-بان +ەو + بان : بانەوبان

+پۆلگۆڕین لە (ناو) بۆ (ئاوەڵکار) :

ناو + ناو : ئاوەڵکار

-پۆل + پۆل : پۆل پۆل

+پۆلگۆڕین لە ژمارە بۆ ئاوەڵکار:

ژمارە + ژمارە : ئاوەڵکار

-دوو + دوو : دوو دوو

+پۆلگۆڕین لە رادە بۆ ئاوەڵکار:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رادە + رادە : ئاوەڵکار

-کەم + کەم : کەم کەم

-زۆر + زۆر : زۆر زۆر

ج- بە دارشتن:

لە رێگای پێشگر و پاشگر وشەی نوێ دادەڕژرێت واتە وشەیەکی نوێ ی پۆل جیاواز دروست دەبێت

+پۆل گۆڕین لە (ناو) بۆ  (ئاوەڵناو) (عەبدولواحید دزەیی:110:2013):

1- پێشگر + ناو : ئاوەڵناو

-بێ + هۆش : بێهۆش

-بە + هێز : بەهێز

2- ناو + پاشگر : ئاوەڵناو

-ورگ + ن: ورگن.

-بەفر + ین: بەفرین

-بەخت + وەر: بەختەوەر.

-کرم + ێ : کرمێ

-منداڵ + انە: مندالآنە

-دەشت + ەکی : دەشتەکی

-ژن + انی : ژنانی

-غەم + ناك : غەمناك

-هاوین +ە : هاوینە

-شاخ + اوی : شاخاوی

-ناز + دار : نازدار(عەبدولواحید دزەیی:111:2013)

-فێڵ + باز : فێڵباز (نوری علی ئەمین:108:1960).

-سوود + مەند : سوودمەند

-غەم + گین : غەمگین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-درۆ + زن : درۆزن

+پۆلگۆڕین لە ( کار) بۆ (ئاوەڵناو ):

کار + پاشگر : ئاوەڵناو :

-مرد + وو: مردوو

+پۆلگۆڕین لە (ئاوەڵناو) بۆ (ئاوەڵکار):

ئاوەڵناو + پاشگر : ئاوەڵکار

-ژیر + انە: ژیرانە (ئەردەوان تۆفیق فەتاح:44:2015)

+پۆلگۆڕین لە (ئاوەڵناو) بۆ (ناو):

ئاوەڵناو + پاشگر : ناو

-بەرز + ێتی : بەرزێتی

-کەم + ایەتی : کەمایەتی

-نەرم + ەلآن : نەرمەلآن

-زەرد + ێنە : زەردێنە

-پیس + کە : پیسکە

-ئەستوور + ك : ئەستوورك

-رەق + ان : رەقان

-پاك + انە : پاكانە

-رووت + ەن : رووتەن

-بەرز + ەك : بەرزەك

-نەرم + ین : نەرمین

-دڕ + ندە : درندە

-سارد + ەمەنی : ساردەمەنی

-رووت + ەڵە : رووتەڵە

-ئازاد + ی : ئازادی

-سەوز + ە : سەوزە (ئەردەوان تۆفیق فەتاح:44:2015)

ئەم پۆلگۆڕینە بە پێی پێویستی زمان دەبێت، دەبین زیاتر ناو دەگۆڕدرێت بۆ ئاوەڵناو، ئەمەش راستی بۆچوونەکەی خوالێخۆشبوو (د.محەمەد مەعروف فەتاح) دەسەلمێنێت کە زمانی کوردی ئاوەڵناوی کەمە (محەمەد مەعروف فەتاح :80:1990)

**بەشی دووەم : رێژەیی واتا (Relative Meaning) ی ئاوەڵناو:**

1-رێژەیی زمان : (Linguistic relativity)

رێژەیی زمان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەوتاکانەی کە بەزمانی جیاواز قسەدەکەن و هەڵگری بیر و باوەڕی جیاوازن، چونکە بنیاتی زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەری درکپێکردن و بۆچوونی تاکەکان و کەلتووری گەلان و زمان و کەلتوور کاریگەری دەکەنە سەر یەکتر. (ساپیر و وۆرف) پێیان وایە بنیاتی زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەری جیهانبینی قسەکەر و درکپێکردنی، هەر بۆیەش جیهان بە شێوەیەکی جیاواز دەبینن، زمانیش لایان تەنها وشە نییە بەڵکو ئاوازەی دەنگ و زمانی جەستەشە. تێڕوانینی تاك بۆ جیهان پشت بە بیروباوەڕ و بۆچوونی کەلتووری دەبەستێت، واتە زمان کەلتووری گەلان دروست دەکات . (carrol,J:1956:23)

رۆنانی بیرەکان پرۆسەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەرهەمی لێکدانی دەستووری زمان و وشەکانییەتی بۆ گوزارشت لە بیر و بۆچوونە وەرگیراوەکانی . بۆچوونی کەسەکان رێژەیین ئەم بۆچوونە دوو گریمانە دەکات کە یەکێکیان بەهێز و ئەویتر بێهێز .

أ-گریمانەی بەهێز :

لە لایەن زمانەوانە کۆنەکانی پێش شەری جیهانی دووەم لایەنگیری دەکرا،لەوانەش (جلبرت رایلGilbert Ryle) ، ئەم گریمانە وای بۆدەچوو زمان بیر دیاری دەکات و پێی وایە پۆلینەکانی زمان پۆلینە درکپێکراوەکان دیاری دەکات .

ب- گریمانە بێهێز :

لە لایەن زمانەوانە نوێییەکان لایەنگیری دەکرا . پێی وایە پۆلینەکانی زمان و بەکارهێنان تەنها کاریگەری دەکەنە سەر بیر و بریارەکان (هارییت أوتینهایمر:2009:33-34) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(وۆرف) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر زمانی (هوبی) هیندی ئەنجامدا کە زمانی ئاخاوتنی دانیشتوانی باشووری رۆژئاوای ئەمریکای باکوورە، بۆی دەرکەوت لە رووی کاتەوە هەژارە، بەلآم دەتوانن زانیاری بگەیەنن بێ ئەوەی کاتەکان بەکاربێنن، بۆ نموونە لە برِی ئەوەی بلێن : (شەش رۆژ مامەوە)، دەڵێن : (لە رۆژی شەشەم گەڕامەوە)، لێرەوە دەردەکەوێت کە پەیکەری زمانیان کاتی تێدانییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینیان کە دوورە لە کات (جفری سامسون:82:1994).

ئاخێوەرانی زمانی (Guugu Yimithirr) هەموو شتەکان بە پێی چەقی مرۆڤ وەسف دەکەن بۆ نموونە: لەبری ئەوەی بلێن : کورسیەکە لە لای راستمە. دەڵێن : کورسیەکە کەوتۆتە رۆژهەلآت . لە تاقیکردنەوەیەکی تردا داوا لە ئاخێوەرانی ئەو زمانە کراوە کە وەسفی شوێنەکانیان بکەن، دەرکەوتووە وەسفەکانیان زۆر جوگرافیانەی ورد بووە، دوای چەند ساڵێك دیسان داوایان لێکراوە دیسان شوێنی خۆیان وەسف بکەن، دیسان وەسفەکەیان زۆر وردتربووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینینیان بە شێوەیەکی جیا لە زمانەکانیتر (جودیپ جرین:104:1992).

ئاخێوەرانی زمانی (ئەلبیراها) کە دانیشتوانی رەسەنی (ئەمازۆنن) زمانەکەیان ژمارەی تێدانییە و زۆربەی ئاخێوەرانیان ژماردن نازانن . دەروونناس (بیتر جوردون) لەم بارەیەوە دەڵێت: ئاخێوەرانی زمانی (ئەلبیراها) دەتوانن تەنها جیاوازی لە نێوان یەك تا سێ بکەن بە وردی، هەرچەندە ژمارەکە زۆرتربێت خراپتر دەبێت. هەروەها بۆ گوزارشتکردن لە برِ، دیسان وەسف بەکاردێنن وەك : گەورە و گەورەتر، یان بچووك و بچوکتر . جا دوای فێربوونی زمانی پورتوگالیش نەیانتوانیوە تا ژمارە (10) بژمێرن (جودیپ جرین:116:1992).

(نیتشە) ی ئەڵمانی پێی وایە زمان بنیاتی سەرەکی بیرە و کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە، ئەمەش بۆ جیاوازی کەلتووری زمانەکان دەگەڕێتەوە). ساپیر Sapirو ۆرف (Whorf کە تیۆری رێژەی زمانی دانا (Linguistic Relativity) پێیان وایە زمان رێگاکانی بیرکردنەوە دیاریدەکات، ئەو زمانانەی، کە مرۆڤ قسەی پێدەکات وا دەکات لەو جیهانە بگەن، کە تیایدا دەژین، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە : ئایا مرۆڤەکان کەلوپەل و شتومەکەکان بە شێویەکی جیاواز دەبینن یان قسە دەربارەی شتەکان دەکەن بە شێوەی جیاواز ؟ بۆ وەلآمی ئەم پرسیارە چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیرەی (هۆبی) هیندە سورەکان یەک وشەیان هەیە بۆ زەردەواڵەکان و فڕۆکە و کابتنی فڕۆکە، لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەسکیمۆکان وشەی جۆراوجۆریان هەیە بۆ جۆرەکانی شەختە، هەروەها تیرەی (زۆنی) دوو وشەی جیاواز نییە بەرامبەر رەنگی زەرد و پرتەقاڵی، هەروەها لە هەندێ زماندا تەنها یەک وشە هەیە بۆ رەنگی سەوز و شین، بەڵآم دەبینین لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی شەش وشەی جیاواز هەیە بۆ رەنگەکانی : وەنەوشەیی و شین و سەوز و زەرد و پرتەقاڵی و سور، کەچی لە زمانێکی، وەک زمانی) شونا (Shonaلە (رۆدیسیا) تەنها چوار وشەیان هەیە، و زمانێکی وەک زمانی) باسا (Bassa دوو وشەیان هەیە (جودیپ جرین:104:1990). دیسان لە زمانی ئینگلیزی دا بەرامبەر وشەی (Uncle)لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر چوار وشەیە : (مام، خاڵ، مامۆژن، خاڵۆژن) هەروەها وشەی (Aunt)بەرامبەر (مامۆژن) و (خاڵۆژن) ە، هەروەها وشەی (Cousin) بەرامبەر بە هەشت زاراوەی خزمایەتیین کە بریتین لە : (کوڕی مام، کوڕی پلک خوشکی باوک، کوڕی خاڵ، کوڕی پلک خوشکی دایک، کچی مام، کچی خاڵ، کچی پلک خوشکی باوک، کچی پلک خوشکی دایک) ئەمانەی باسمانکرد لەسەر ئاستی وشە بوون.

2- رێژەیی واتای ئاوەڵناو :

ئەنپرۆپۆلۆجییەکان گرنگی زۆر بە زمان دەدەن، چونکە بەشێکی گرنگە لە شێوەی کەلتووری گەلان، زمان لە چەرچێوەی ئەم شێوەیە کاردەکات، ئەو بابەتەی کە (مالینۆفسکی) دەربارەی دەوروبەری بار بووە جێگای بایەخی ئەنپرۆپۆلۆجییەکان (عبدالواحد مشیر دزەیی: 35:2015).

واتا بریتیە لەو وێنە هۆشەکییەی قسەکەر هەڵیدەگرێت دەربارەی شتێك، بەم پێیە چەمك بەپێی کەس لە گۆڕاندا دەبێت، چونکە تاکەکان لە نێو خۆیاندا جیاوازن لە بۆچوون و بیرکردنەوە .چەمك بریتییە لەم واتایەی شت لە مێشکی تاکدا هەڵگیراوە و ئەو زانیارییانەش دەگرێتەوە کە دەربارەی دەیزانین چەمك ناوەرۆکی بیر دەگرێتەوە تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆجی هەیە و بەدوای وشەی بەکار هاتوو دێت (هەمان سەرچاوە:103)، واتای وشە بەشێوەیەکی رەها دیاری ناکرێت، هەندێ کەرستەی زمانی واتایەکی رێژەیی هەیە، کە بەزۆری ئاوەڵناوەکانی بارستایین وەك : نزیك، دوور، بچووك، گەورە، قورس، سووك، زۆر، کەم، کورت، درێژ،...هتد . ئەم جۆرانەی ئاوەڵناو چەسپاو نین دەکەونە ژێر کاریگەری بیر و بۆچوون و توانای کەسی، چونکە پلەدارن و پلە لە نێوان جەمسەرەکانیدا هەیە بۆ نموونە ئەگەر (جوان)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مان هەبێت ئەوا (جوانتر) و (جوانترین) یشمان هەیە، رێژەیی واتا لە ئاوەڵناو هەر بەمەش ناوەستێ بەڵکو بێشمار پلە دەبینرێت لە نێوان هەردوو جەمسەری (جوان) و (ناشیرن)، چونکە واتا لای تاکەکان هەڵگری هەندێ لایەنی سۆزداری و هەڵچوونە و دەتواندرێت لە رێگای هەندێ هۆشیارکەرەوە و وەلآمدانەوە پلەی هەڵچوون و سۆزمان بۆ دەردەکەوێت (نوال محمد عگیە: 83:1975) . ژیانی مرۆڤ و رەوشتی ئاوێتەی تۆرێکی هەستیە بەرامبەر بە خودی خۆی و کەسانی ترو شت و شوێن و یان بیرێك کە گوێی لێ بووە یان خوێندوویەتی هەر بۆیەش لێکدانەوەو دەربڕینی جیاواز دروست دەبێت،چەمك ئەو واتایەیە کە واقیعێك دروست دەکات لە بیر جا هەر شتێك واقعێك لە بیر دورست نەکات ئەوا بە چەمك ناژمێردرێت، چەمك بەستانەوەی واقیعە بە زانیاری یان زانیارییە بە واقیع لەسەر بنچینەی ئەو دەستوورەی پێی دەپێورێت، جا کەوتبێتە ژێر کاریگەری رەفتار یا نە کەوتبێت (م.م.لویس:113:1959) .

بەم پێیە پلەی ئاوەڵناو پەیوەستە بەبۆچوونێکی کەسی و مەرج نییە رێکەوتنی کەسانێکی تری لەسەر بێ بۆ نموونە کاتێك مامۆستایەك دەڵێت : چاوان لە چاوەڕێ زیرەکترە

لەوانەیە لای مامۆستایەکی تر (چاوەڕێ) زیرەکتر بێت، کەواتە پلەی کاریگەری ئاوەڵناو خودییە و پەیوەستە بە باری دەروونی قسەکەر، ئەم جۆرە کاریگەرییە گرنگییەکی زۆری لە بواری لێکۆڵینەوە دەروونیەکان هەیە کاتێك وەك (وروژێنەر) ێك بەکار دەهێنرێت بۆ زانین هەست و هەڵوێستی (گوێگر).

3- هۆکارەکانی رێژەیی واتای ئاوەڵناو:

چەند هۆکارێك هەن وادەکەن کە واتای ئاوەڵناو جێگیرنەبێت و ببێتە رێژەیی، هەندێك لەم هۆکارانە لێرەدا دەخەینەڕوو :

أ-کەسێتی قسەکەر:

کەسێتی قسەکەر رۆڵی هەیە لە رێژەیی واتای ئاوەڵناو، بۆ نموونە ئەوەی بەتۆ باشبێت مەرج نییە لای کەسێکیتر باشبێت، چونکە پەیوەندی بە بیر و باوەڕ و بۆچوون و تاقیکردنەوە و ئەزموونی کەسەکەوە هەیە، کاتێك دەڵێم:

-شیلان کچێکی جوانە . (عەبدولواحید مشیر دزەیی:٢٠١٥:٩١)

ئەم هەست دەربڕین و وەسفەم بۆ شیلان لە روانگەی خۆمەوەیە و بە پێی پێوەر جوانی لای من دەچێتە خانەی جوانی نەك پێوەری کەسێکیتر، جگە لەمەش جوانییەکەی (شیلان) یش لای من ڕێژەییە، چونکە لەوانە کەسێکی تریشم پێ جوان بێت، بەلآم ئایە بەهەمان ڕێژەی (شیلان) لام جوانە؟ نەخێر، کەواتە ئەو دەربڕینانەی ئاخێوەر دەریدەبڕن ڕێژەییە و گۆڕاوە نەك جێگیر.

ب- کات :

کاتی قسەکردن یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری دەکەنە سەر گۆڕانی واتای ئاوەڵناو، بە پێی کات و سەردەم(محمد علی الخولی:2001:72)، بۆ نموونە ئەوەی ئێستا پێم (باش) بێت مەرج نییە تا مابم هەر لەسەر ئەم بۆچوونەم بەردەوام بم، بەڵکو دوای ماوەیەك بۆچوونم لەسەر کەسەکە بگۆڕێت و هەمان هەڵسەنگاندنی بۆ نەکەم، لەوانەیە (باشتر) بێت، وەیا لەوانەیە (خراپ) بێت، ئیتر بەم شێوەیە کەسەکان بە پێی کات دەگۆڕێن و هەر بۆیەش نرخاندنەکانمان بە پێی کات و سەردەم دەگۆڕێن بۆیەش زۆر جار دەڵێین:

-ئازاد جاران باشتر بوو.

یان ئەوەی ئیمڕۆ پێمان قورسە، لەوانە بەیانی لامان قورس نەبێت.

ج-باری دەروونی قسەکەر:

باری دەروونی قسەکەر بە پێی کارتێکەرە دەرەکییەکان لە گۆڕاندایە، هەربۆیەش نرخاندنەکانمان لە ڕێگای ئاوەڵناو لە گۆڕاندا دەبێت بە پێی مەزاجی قسەکەر نەك راستی، بۆ نموونە ئەو نرخاندنانەی بەمەزاجێکی خراپ و هەڵچوونەوە دەکرێت جیایە لەو نرخاندنانەی کە لە مەزاج و بارودۆخێکی باشدا دەیکات، بۆ نموونە ئاساییە لە کاتی تورەبووندا کەسمان پێ باش نەبێت، کەسمان پێ زیرەك نەبێت و نەکسیشمان پێ ژیر نەبێت (عەبدولواحید مشیر دزەیی:٢٠١٥:٩١).

د-دەوروبەر:

دەوروبەر یەکێکیترە لەو فاکتەرانەی کە ڕێژەیی واتا لە ئاوەڵناو دەچەسپێنێن بۆیە ئەو نرخاندنانەی لە دەوروبەرە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێن گۆڕاون و جێگیر نین بۆ نموونە ئەوەی لەبەرامبەرمان ئێمەیان

پێ (باش) و (زیرەك) ە، مەرج نییە لە ئامادەنەبوونی ئێمە هەمان نرخاندنی هەبێت. جگە لەمەش ترس و شەرم و ئامادەبووان کاریگەری دەبێت لەسەر نرخاندن.

ە- جیاوازی مەزەندەکردن :

مەزەندەکردنی کەسێك جیاوازە لە کەسێکیتر بە پێی وەسفکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی و پاشخانی کەسی مەزەندەکەر، چونکە ڕەنگدانەوەی شارەزایی کەسەکەیە بۆ نموونە کەسێك کە کاری کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی شیردەر بکات باشتر مەزەندەی نرخەکەی دەکات لە ڕووی باشی و خراپی و هەرزانی و گرانی نرخەکەی .

و- پەیوەندی نێوان ئاخێوەران:

پەیوەندی پێشینەی نێوان ئاخێوەران ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر نرخاندن و ڕێژەیی ئاوەڵناو، هەر بۆیەش بەرز و نزمی لەو نرخاندنە دەبینرێت بە پێی ڕادەی دووری و نزیکی ئاخێوەران لە یەکتر (محمد علی الخولی:71:2001) .

بەم پێیە نرخاندنەکە کەم و زۆری تێدەکەوێ و دووردەکەوێتەوە لە وردێتی و بابەتی.

4-دیاریکردنی ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو:

(ئۆزگۆد و سوسی و تانبیوم) لە ساڵی (1957) پێوانەیەکیان بۆ واتای کەسی ویژدانی و کاردانەوەی هەڵچوونەکان دانا، ناویان نا (جیاکەرەوەی سیمانتیکی) بۆ مەبەستی پێوانەی واتای کاریگەری لای تاکە جیاوازەکان، لە ڕێگای تاقیکردنەوە بە پێنووس و کاغەز و (ئامانج) ەکان داوای وشەیەکیان لێدەکرێت لە نێوان دوو وشەی دژ بەیەك کە هەریەکەیان جەمسەرێك دەگرن Bipolar لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی واتا، تا واتای وشە فراوانتر بێت و بواری ئەوەی هەبێت واتای دیکە لە خۆ بگرێ، ئەویش لە کتێبەکەیدا ) پێوانەی واتا (The mercurial of meaning بنچینەی شیکردنەوەی واتایان لە حەوت پلە ڕێك خست، چونکە ئەو پێی وابوو پێوەری سیمانتیکی بریتییە لە دوو سیمای دژی بەرامبەر لە شێوەی پلەداری دابەش بوو بۆ حەوت پلە ) وەك:

(هێواش 3 2 1 0 1 2 3 خێرا)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە،کە لەم وێنەیە دەیبینین (7) پلە لەنێوان هەردوو ئاوەڵناوەکەدا هەیە کە ناسراوە بە بواری سیمانتیکی Semantic space ئەم (7) ناوچە بەتاڵە هەندێ ئارەزوو و ئاراستەی نەزانراو دەگرێتە خۆی کە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە پری بکەینەوە :

(هێواش-کەمتر هێواش-زۆرکەمتر هێواش-(نەهێواش و نەخێرا)-زۆر کەمتر خێرا-کەمتر خێرا-خێرا).

دەبینین لەو حەوت پلەیەدا جیاکەرەوەی سیمانتیکی دەبینرێ، بەو واتایەی لە نێوان هەر یەك لەم پلانە کەلێنێك هەیە بۆ دەرخستنی شوێنی چەمکەکە لەناو بۆشاییەکە (نوال محمد عگیە: 32:1975).

ئەگەر بێت و بمانەوێت رێژە و پلەی ئاوەڵناوێك لە رستەدا وەربگرین دەبێت پەنا بەرینە بەر پێوانەکەی (ئۆزگۆد) بۆ نموونە کاتێك دەڵێین:

-سیڤا دڵخۆشە بە یارییەکە.

دەبێت قسەکەر رادەی دڵخۆشییەکەی لای خۆی دیاری بکات، چونکە پێوانە و رێژەکە لای ئەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

دڵخۆش -*:-:-:-:-:-: نیگەران

هێمای (*) دانانی پێوەرێکی دیاری کراوە بۆ چەمکێکی دیاریکراو لە ڕێگای هەڵبژاردن دەبێت لە هەردوو جەمسەرەکەو نێوانەکانیەوە بە شێوەی پلە پلە کراو بێت .

یان کاتێك دەڵێین:

-یارا گەشبینە بە دوارۆژەکەی.

لەسەرمانە رادەی گەشبینییەکەی دیاریبکەین لە چ پلەیەکە وەك:

گەشبین -:-*:-:-:-:-: رەشبین.

یان کاتێك دەڵێین:

-بڕوا قوتابییەکی چالاکە.

لەسەرمانە پلە و رێژەی چالاکییەکەی بخەینە روو بۆ ئەوەی رێژەکەی بزانین:

چالاك -:-:-*:-:-:-: سست.

بەم پێیە دەتوانین تا رادەیەك رێژە و پلەی ئاوەڵناوەکان دیاری بکەین بۆ وردی دەربڕین و نەهێشتنی تەمومژی ئاخاوتن تا نزیك بینەوە لە چەسپاندنی واتای ئاوەڵناو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- ڕێژەیی واتای ئاوەڵناو لە سنووری سیمانتیك و پراگماتیكدا :

واتاسازی لە ڕەحمی ڕێژەیی زمان لەدایك بووە، گۆڕانی زمان پەیوەندی بە گۆڕانی هەست و سۆزەوە هەیە، کە هەڵقولآوی ئەقڵە و کاردانەوەیە بۆ وروژێنەرێك، هەر بۆیەش دەبینین زمان وەك ئامرازێك بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی سەرنج لە ئەزموونی دەروونی، هەربۆیەش لە زۆربەی زمانەکان دوو شێوازی قسەکردن هەیە شێوازی نافەرمی و فەرمی وەك:

+پێت رادەگەیەنم (نافەرمی) (هەستوسۆزی تیا نییە) .

+بە بەڕێزت رادەگەیەنم . (فەرمی) (هەڵگری هەستوسۆزە) (محمد معروف فتاح :160:1990)

هەر دەربڕینێك واتای کاریگەری خۆی هەیە، واتای کاریگەری بە سێ شێوە دێتە بەرچاو:

1-هەڵوێستی (نێنەر) دەربارەی ئەوشتەی لێی دەدوێ.

2-هەڵوێستی (نێنەر) بەرامبەر (وەرگر).

3-ئەو کاریگەریەی کە (نێنەر)دەیەوێت دروستی بکات لە (وەرگر) (شکری محمد عیاد:132:1988).

زمانەکان دەکەونە ژێر کاریگەری کەلتووری نەتەوە جیاوازەکان لە رووی داب و نەریت و باوەڕ و ئاڕاستەی دەروونی هەر گەشە و گۆڕانێك لە کۆمەڵگا ڕوودات ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی دەربڕینەکەی، جا چەند شارستانی نەتەوەیەك فراوان بێت ئەوا بیرکردنەوەکەی بەرز دەبێتەوە و ئاڕاستە دەروونییەکەی زیاتر ڕێزدار دەبێت (علی عبدالواحد وافی:1983 : 13)

ڕێژەیی واتایی ئاوەڵناو ڕەهەندێکی پراگماتیکی هەیە، چونکە پەیوەستە بە خودی قسەکەر، نرخاندی قسەکەریش دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەر بۆ نموونە:

-چاوان خێرا دەڕوات.

-چاوەڕێ درەنگ لە خەو هەڵسا.

-ئاوات پشوێکی کورتی وەرگرت.

-نازدار کراسێکی سەوزی لەبەرە.

ئەگەر سەیری رستەی (چاوان خێرا دەڕوات) بکەین دەبینین خێراییەکەی ڕێژەییە، ئەو ڕێژەییە پەیوەستە بە خودی قسەکەر هەر لای ئەو دیارە رادەی خێراییەکەی چەندە . واتە دیاریکردنی خێراییەکەی بەندە بە قسەکەرەوە و لای گوێگر ئەو ڕێژەیە نەزانراوە، بێگومان ئەگەر لە خودی

قسەکەریش بپرسین رادە و رێژەی ئەو خێراییەی چەندە ئەوا بەراوردی دەکات بە کەسانیتری هاوشانی، بە واتایەکیتر بە بەراورد بەکەسانیتر خێرایە رۆیشتنیتر نەك ئەو تەن و گیانلەبەرانەی خێران لە رۆیشتن .

ئەگەر سەیری رستەی (چاوەڕێ درەنگ لە خەو هەڵسا) بکەین دەیان رێژە و رادەی ئەو درەنگییە لای قسەکەرە و لای گوێز ئەوە رێژەیە لێلە، چونکە لەوانەیە لای خودی (چاوەڕێ) درەنگ نەبێت، یان لای دایکی زۆر درەنگ نەبێ، بەم پێیە بۆ پێوانی درەنگی لە خەوهەوڵسان دەبێت سەیری یاسا کۆمەلآیەتییەکانی ناو کۆمەڵگا بکەین، بۆ نموونە قوتابی ئەگەر دەوامی کاتژمێر هەشتبێت و لە کاتژمێر نۆ لەخەوهەڵسێت ئەوە دەکاتە درەنگی، یان ئەگەر رۆژانە کاتژمێر حەوت لەخەوهەڵسێت و رۆژێکیان کاتژمێر هەشت لەخەو هەڵسێت ئەوکات دەتوانین بڵێین درەنگ هەڵساوە . بەم پێیە رێژە و رادەی درەنگی دیار نییە لای گوێگر بەڵکو پەیوەستە بە پێوەری قسەکەر .

بە هەمان شێوە ئەگەر سەیری رستەی : (ئاوات پشوێکی کورتی وەرگرت) بکەین دەبینین رێژە و رادەی کورتی پشوەکە دیار نییە لای گوێگر نازانین خولەکێکە یان دوو خولەك وەیا سێ خولەك و زیاتر، تەنها ئەگەر لەو دەوروبەرە بین دەزانیین ماوەکەی چەند بووە و ئەو ماوەیەش لەوانەیە لای خودی (ئاوات) کورت بێت و لای یەکێکیتر کورت نەبێت، بەم پێیە دەتوانین بڵێین تەنها دەوروبەر دەتوانی روونی بکاتەوە.

دیسان ئەگەر سەیری رستەی (نازدار کراسێکی سەوزی لەبەرە)، رادەی سەوزی کراسەکەی (نازدار) دیار نییە لای گوێگر تەنها پلە و رادەی سەوزییەکەی لە تۆخی و کاڵی لای ئەو کەسانە دیارە کە لەو دەوروبەرەن ئەگەر نا پلە و رادەکە دیاری ناکرێ لای کەسێکیتر.

رەهەندی پراگماتیکی رێژەیی واتا لە ئاوەڵناودا دەچێتە خانەی دەرکەوتەکان و بە تایبەتی بنەمای چەندێتی و چۆنییەتی، چونکە دەبێ قسەکەر پابەندبێت بەو دوو بنەمایە کە نابی دەربڕینەکانمان لێل بن و هەروەها دەبێت دەبرینەکانمان لە رووی چونییەتیەوە نزیکبن لە راستی و بە پێی پێویست بن، بۆیە دەبینین رستەکانی سەرەوە هەموویان جۆرێك لێلیان تێدایە و دیاریناکرێت لە رووی رێژە و پلەوە و تەنها لە دەوروبەردا روون دەکرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام:

1-رێژەیی واتای ئاوەڵناو پەیوەندی زۆری بە تیۆری رێژەیی زمان هەیە، چونکە ئاوەڵناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتنی زمان.

2-رێژەیی واتا لە ئاوەڵناو لە سنووری پراگماتیك لێکدەدرێتەوە، چونکە پەیوەندی بە دەوروبەری ئاخاوتن و کەسی ئاخێوەرەوە هەیە.

3- رێژەیی واتا لە ئاوەڵناودا کاریگەری لەسەر پرۆسەی تێگەیشتن هەیە، چونکە نرخاندن و مەزەندەکردنی ئاوەڵناو ورد نییە تا پلە و رێژەی دیار نەکرێت.

4-هۆکاری رێژەیی ئاوەڵناو (دەروونییە و کۆمەڵایەتییە......هتد)یە، چونکە پەیوەندی بە مەزەندەکردنی کەسی قسەکەرەوە هەیە، کۆمەڵآیەتیشە، چونکە پەیوەندی بە جیهانبینی زمان و یاسا کۆمەڵآیەتییەکانەوە هەیە.

5- دەتوانین مەزەندەی ئەو رێژەییەی واتا بکەین لە ئاوەڵناودا لە رێگای دانانی پلەکان، بۆ ئەم مەبەستە حەوت پلەکەی ئۆزگۆد تارادەیەك مەزەندەکردنێکی وردە.

## سەرچاوەکان:

أ-بەکوردی:

1-ئەردەوان تۆفیق فەتاح (2015) پۆلگۆڕینی وشە لە رستەسازی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین .

2-ئەورەحمانی حاجی مارف (1992) ڕێزمانی کوردی، بەگی یەکەم، وشەسازی ئاوەڵناو، بەغدا .

3-رەفیق شوانی (2011) وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر.

4-صادق بەهائەدین ئامێدی (1987) رێزمانا کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الشؤن الپقافیە، بغداد.

5-عەبدولواحید دزەیی(2013)، وشەسازی،چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلآوکردنەوە.

6-عەبدولواحید دزەیی(2015)، زانستی سیمانتیك،چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلآوکردنەوە.

7-کەمال میراودەلی (2007) ، فەرهەنگی رێزمانی کوردی، سلێمانی.

8-کوردستان موکریانی (1984)، رێزمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی سۆرانی، بەغدا.

9-محەمەد مەعروف فەتاح (1990)، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10-نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی (1982) ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.

11-نوری عەلی ئەمین (1960)، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی .

12-یوسف شریف سەعید (1999) ڕادەو هەندێ تێبینی دەربارەی ڕادە لە زمانی کوردیدا، گ،زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان ساڵی/3 ژمارە (4)، زانکۆی سەلآحەددین.

ب- بە عەرەبی:

1- أوتينهايمر ، هارييت (2009). أنيروبولوجيا اللغه: مقدمه فى الأنپروبولوجيا اللغويه (الطبعه الپانيه). بلمونت ، كاليفورنيا: وادزورپ. ص 33 - 34. رقم ISBN 978-0-495-50884-7. OCLC 216940204

2-جفرى سامسون (1994) مدارس اللسانيات، التسابق و التطور، ترجمه (محمد زياد كبه)، الرياچ.

3-جوديپ جرين (1992) ، التفكير واللغه، ترجمه: عبد الرحيم جبر، الهيئه المصريه العامه للكتاب.

4-جوديپ, جرين, (1983) علم اللغه وعلم اللغه النفسى, ترجمه, وتعليق مجيد الماشطه, مجله اقلام, عدد, (9) مجلد 108, ص120

5-م. م. لويس, (1959) اللغه فى مجتمع, ترجمه, تمام حسان, دار الاحياء الكتب العربيه.

6-محمد على الخولى (2001) علم الدلاله، علم المعنى،دار الفلاح للنشر و التوزيع، ردمك، الاردن.

7- على عبدالواحد وافى (1983) اللغه والمجتمع ، شركات مكتبات عكاظ ط٤، المملكه العربيه السعوديه.

8- شكرى محمد عياد, (1988), اللغه الأبداع, مبادى علم الاسلوب العربى, گ/1.

9-نوال محمد عگيه (1975) علم النفس اللغوى، الطبعه الاولى، مكتبه انجلو المصريه.

ج- بە ئینگلیزی :

1-Leech,G.(1974) “Semantics" Great Briton,London.

2-Carrol, J: (1956)Language, Thought and Realit. [REVIEW]Marvin K. Opler, Philosophy and Phenomenological Research ١٧:٤١٤.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Relative Meaning of The Adjective in The Kurdish Language

**Hassan Najmaden Muhammedamen**
Department of Kurdish language, College of language, salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hassannajmaden96@gmail.com, hassan.najmaden@dmi.gov.krd

***Keywords:*** *Relative Meaning، Linguistic relativity، Adjective, The mercurial of meaning، Semantic space*

## Abstract

This study deals with the meaning of relative meaning of adjectives in Kurdish language. It is a descriptive study. The purpose is to find out the relative meaning of adjectives based on the Relative theory of language in Sapir-Whorf hypothesis. It was hypothesized that relative meaning occurs more in adjectives and the ratio is subject to change according to the understanding and the view point of speaker and his thought.

This study consists of two chapters as well as the introduction and conclusion.

The first chapter is devoted to the definition, the concept, types, and characteristics of Adjectives. It includes (definition of adjectives, types of adjectives, characteristics of adjectives, adjectives according to degrees of comparison, and different categorization of adjectives. While the second chapter deals with relative meaning of adjectives, it includes; (relativity of language, and the relativity of meaning of adjectives in the scope of semantics and pragmatics).

The researcher tried to refer the relativity of meaning in adjectives in pragmatic framework because it varies with the variation of speakers.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# المعنى النسبى للصفة في اللغة الكردية

## ملخص:

يتناول هذا البحث المعنى النسبى للصفه فى اللغه الكرديه وفق المنهج الوصفى، ويهدف الوصول إلى هذا المعنى النسبى للصفه وفق نظرية نسبيه اللغه وضمن رؤية سابير وورف. يفترض البحث أنّ نسبيه المعنى تكون فى الصفه اكثر، وتكون هذه النسبيه فى تغيير حسب نظرة المخاطت ورؤيته.

يتألف البحث من مبحثين، فضلاً عن المقدمه والنتائج، جاء لمبحث الأول الذي خُصّص لمفهوم وتعريف ونوع وخصائص الصفه، ليعرف الصفه وأنواعها، وخصائصها، والصفه من حيث مرتبتها وأنواعها، وأنواع الصفه من حيث الصياغه، وتغيير صنف الصفه. وعرض المبحث الثاني (نسبيه المعنى فى الصفه)، وتتضمن هذه المحاور: نسبيه اللغه، ونسبيه معنى الصفه، وعوامل نسبيه معنى الصفه، وتحديد نسبه معنى الصفه، ونسبيه معنى الصفه فى حدود علم الدلاله (السمانتيك) والتداوليه (البراكماتيه) .

وقد حاول لباحث أن يضع نسبيه المعنى فى طار التداوليه (البركماتيه) لأنّها تتغير بتغيير الشخص المتكلم.